Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10241

# پەرەپێدانی گەشتیاری توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی قەزای چەمچەماڵ

**کاظم احمد صدرالدین، جزا توفیق طالب**

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

گەشتیار، پەرەپێدانی گەشتوگوزاری، توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکان، پێوەری شیکاری (SWOT)

***Corresponding Author***

**پوختە :**

چالاکیە گەشتوگوزاریەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێرن لە ناساندنی مێژوو شارستانیەت و شارەزابوون لە بیروباوەڕی میللەتانی جیهان، لە گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژوویی و ئانیەکاندا زۆرتر جەخت لەسەر لایەنی مێژوویی و شارستانی و بیروباوەڕی ئاینی و جۆری مەراسیم و سروتە ئاینیەکان و تەکیە و خانەقا و مەزارگە ئاینیەکان دەکرێتەوە، ئەمرۆکە لە جیهاندا گرنگی تایبەت بە گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژوویی و ئاینی دەدرێت و بە بەربڵاوترین چالاکی گەشتیاری دادەنرێت و زۆرترین خواستیان لەسەرە لەلایەن گەشتیارانەوە گەشتیار بۆخۆیان ڕادەکێشن.

ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگە و لەڕووی توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانەوە دەوڵەمەندە بە چەندین پێگەی شوێنەواری و مێژوویی وەك شوێنەوارەکانی چاخی بەردینی کۆن و ئەشکەوتەکان کە بەهای شارستانی مێژوویی و گەشتیاریان هەیە، هەروەها خاوەن یەکێك لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵیەکانە لە جیهاندا کە گوندی (چەرموو)ە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین نزرگە و تەکیە و مەزارگەی ئاینی تێدایە کە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ.

## پێشەکی

گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژوویی و ئاینی لە ئێستادا گرنگیەکی تایبەتی پێدەدرێت لە زۆربەی وڵاتداندا ساڵانە بۆنە و مەراسیمی تایبەت ڕێکدەخرێت وگەشتیار لە زۆربەی وڵاتانەوە ڕوودەکەنە ناوچە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکان، ئەمە جگەلەوەی ئەم جۆرە گەشتوگوزارە تایبەت نییە بە وەرزێکی گەشتیاری و بۆنەیەك بەڵکو لەهەموو وەرز و کەشێکدا گەشتیار دەتوانێت سەردانی بکات.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەڵدەدەین دابەشبوونی جوگرافی چەند توانستێکی شوێنەواری و مێژوویی و ئاینی لە ناوچەی لیکۆڵینەوە بخەینەڕوو بە بەکارهێنانی ئامرازی شیکاری (SWOT)، بوارەکانی پەرەپێدانی ئەو توانستانە دەربخەین کە شان بەشانی توانستە گەشتوگوزاریەکانی تری ناوچەکە دەبنە فاکتەرێك بۆ گەشەکردن و ڕاکێشانی گەشتیار لە قەزای چەمچەماڵ.

## گرفتی توێژینەوە:

لەگەڵ ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەوڵەمەندە بە شوێنەوارە مێژوویی و ئاینیەکان، بەڵام قەزای چەمچەماڵ لەڕووی گەشتیاریەوە پشتگوێ خراوە و تائێستا نەتوانراوە لەڕووی گەشتوگوزاریەوە کاربکرێت بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە تاکو بەشێوەیەکی زانستی بخرێتە خزمەت کەرتی گەشتیاریەوە.

## گریمانەی توێژینەوە:

- بوونی توانستە شوێنەواری و و مێژوویی و ئاینیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە هۆکارێکن بۆ دروستبوونی بزاوتی گەشتیاری لە ناوچەکە.
- بوونی توانستە شەوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەبێتەهۆی ڕاکێشانی گەشتیار و دروستبوونی هەلی کار و سەرچاوەی داهات و بۆ دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## گرنگی توێژینەوە:

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی گرنگی توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەکە تا وەك ناوچەیەکی خستنەڕووی گەشتیاری ڕۆڵ ببینێت لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە.

## ئامانجی توێژینەوە:

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ گرتنەبەری ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی پەرەپێدانی شوێنەوارە مێژووی و ئاینیەکانی ناوچەکە بە ئامانجی دروستبوونی جموجۆڵی گەشتوگوزاری و پێشکەوتنی قەزاکە لەڕووی گەشتیاریەوە .

## میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لەم میتۆدانەی لای خوارەوە وەرگرتوە:

- میتۆدی وەصفی: بۆ ناسانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.
- میتۆدی مێژوویی: ئەم میتۆدەمان بۆ دەرخستنی لایەنە مێژوویەکانی پێگە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەکە بەکارهێناوە.
- میتۆدی شیکاری: ئەم میتۆدەمان بۆ شیکارکردنی زانیاریەکانی ناو توێژینەوەکە و دیاریکردنی سنوور و ڕووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بە سوود وەرگرتن لە بەرنامەی Arc Gis10.3، Google Earth

## پلانی توێژینەوە:

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پلانی توێژینەوەکەمان دابەشکردوە بەسەر سێ تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە، تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی شوێنەوارە مێژوویی و ئاینیەکان، تەوەرەی سێیەم: پەرەپێدانی توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەروەها بە دەرەنجام و پێشنیار و سەرچاوەکان کۆتاییمان بە توێژینەوەکە هێناوە.

## تەوەرەی یەکەم:

## ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە

چەمچەماڵ یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، بەشێکە لە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق، کەوتوەتە باشوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باشوری خۆرئاوای پارێزگای سلیمانی (مصطفی، 2012، ص5)، بە سنوری سروشتی جیاکەرەوەی ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی دادەنرێت و لە چوارچێوەی ناوچەی نیمچە شاخاوی دایە، سنورە سروشتیەکەی لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرە چیاکانی(قەرەداغ و سەگرمە و هەنجیرە و قشلاخ)ە (حماد، 2021، ص353)، لە باکورەوە زێی بچوك و لە باکوری خۆرئاوا چیای خاڵخاڵان و لە خۆرئاواوە بانی مەقان، لە باشورەوە (ڕووباری ئاوەسپی)یە (امین، 2012، ص7)، سنورە مرۆیەکەی لە خۆرهەڵاتەوە پارێزگای سلێمانی لە خۆرئاواوە پارێزگای کەرکوك، لە باکورەوە پارێزگای هەولێرو قەزای کۆیەو دوکانە و بەهۆی زێی بچوکەوە لە قەزای دوکان و کۆیە دابڕاوە، لە باشورەوە قەزای کەلار و کفری لە ئیدارەی گەرمیان (صالح، 2015، ل7)، بڕوانە نەخشەی (1)

شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (51: 55. 34-49: 53: 35) باکور و هێڵەکانی درێژی (52: 37: 44- 08: 26: 45) خۆرهەڵات، بڕوانە نەخشەی (2)

(قەزای چەمچەماڵ لەڕووی کارگێڕی)یەوە سەربە پارێزگای سلێمانیە و شارۆچکەی چەمچەماڵ سەنتەری ئیدارەکەیەتی (غەفوور، 2008، ل88)، جگەلە سەنتەری قەزا لە (شەش) ناحیە و (324) گوند پێکدێت، (کوردستان، 2018، ل10)، سنورە کارگێڕیەکەی بەم شێوەیە: لە باکورەوە سنوری هاوبەشی هەیە لەگەڵ ناحیەی تەقتەق سەربە قەزای کۆیە بە درێژایی (47.5)کم، لە باشورەوە لەگەڵ ناحیەی پێبازی سەربە قەزای کەلار بە درێژایی (25)کم، لە باشوری خۆرئاواوە قەزای داقوقە بە درێژایی (64.3)کم، لە خۆرهەڵاتەوە قەزای(قەرەداغ و ناحیەی بازیان و ناحیەی سورداش) بە درێژایی (37کم و 41کم و 12کم)و لە خۆرئاواوە ناحیەکانی (شوان و لەیلان)ە بە درێژایی (49کم و 16کم) کۆی ڕووبەری قەزاکە (3454.05)کم2، دەکاتە (26.24%)ی کۆی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی نزیکەی (45)کم لە پارێزگای کەرکوك و (65)کم لە پارێزگای سلێمانیەوە دوورە (عزالدین، 2017، ل4).

بەهۆی ئەو گۆرانکاریە کارگێڕیانەی بەسەر قەزاکە و یەکە ئیداریەکانی قەزاکەدا هاتووە، بەردەوام ڕووبەری قەزاکەش لە گۆڕاندا بووە، لە ساڵی (1977) ڕووبەری قەزاکە (2496)کم2، بە سەنتەری قەزاو هەردوو ناحیەکانی(سەنگاو، ئاغجەلەر)، پاشان لە ساڵی (1987) کۆی ڕووبەرەکەی دەکاتە (3733)کم2، بەهۆی ئەوەی لە ساڵی (2000) هەریەك لە ناحیەکانی تەکیەی کاکەمەند و ناحیەی شۆڕشی بۆ زیاد دەبێت، بەوهۆیەوە لە ساڵی (2002)دا ڕووبەری قەزاکە دەکاتە (2781.6)کم2، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (2003)، جگەلە سەنتەری قەزا ژمارەی ناحیەکانی دەبێتە (شەش) ناحیە هەروەها ناحیەیی (قادرکەرەم)ی بۆ دەگەڕێتەوە و لە ساڵی (2004) ناحیەیی (تەکیەی جەباری) بۆ زیاد دەبێت، پاشان کۆی ڕووبەری قەزاکە بۆ ساڵی (2009) دەبێتە (3219.2)کم2. لە ئێستاشدا کۆی ڕووبەری قەزاکە خۆیدەدات لە (3420.8)کم2.

خشتەی (1)، ڕووبەری یەکە کارگێریەکانی قەزای چەمچەماڵ لە ماوەی نێوان ساڵانی (1977 بۆ 2021) بە کم2

| یەکە کارگێڕیەکان | ١٩٧٧(١) | ١٩٨٧(٢) | ٢٠٠٢(٣) | ٢٠٠٩(٤) | ٢٠٢١(٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | ڕووبەر بە کم٢ | | | | |
| سەنتەر | ٨٧٦ | ٢٢٠٢ | ٤٤٣.٢ | ٢٤٩ | 273.9 |
| شۆڕش | - | - | ٢٥٦.٤ | ٣٠٩ | 339.2 |
| سەنگاو | ٩٤٠ | ٨١٧ | ١٢٢٥.٧ | ٨٢٨ | 859.7 |
| تەکیەی کاکەمەند | | | ٢٥٥.٥ | ٢٥٨.٣ | 271.3 |
| ئاغجەلەر | ٦٨٠ | ٧١٤ | ٦٠٠.٨ | ٥٩٨.٢ | 624.6 |
| قادرکەرەم | - | - | - | ٧٦٨.٧ | 831.8 |
| تەکیەی جەباری | - | - | - | ١٩٨ | 220.3 |
| کۆی ڕووبەری قەزا | ٢٤٩٦ | ٣٧٣٣ | ٢٧٨١.٦ | ٣٢١٩.٢ | 3420.8 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

1. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الأحصائية السنوية، (1976)، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء، وزارة التخطيطو بغداد، 1977، ص26


2. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الأحصائية السنوية، (1987)، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء، وزارة التخطيطو بغداد، 1987، ص29

3. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، دەربارەی ڕووبەری قەزای چەمچەماڵ و یەکە کارگێڕیەکانی بۆ ساڵی (2002) داتای بڵاونەکراوە

4. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، بەشی زەوی وزار، زانیاری دەربارەی یەکە نشینگە مرۆیەکانی قەزای چەمچەماڵ بۆساڵی (2009) داتای بڵاونەکراوە.


5. ڕووبەرەکان بە بەرنامەی Arc Gis10.3 دەرکراوە.

نەخشەی (1)، شوێنی قەزای چەمچەماڵ بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق



سەرچاوە: کاری توێژەر بە بەرنامەی Arc Gis 10.3

نەخشەی (2)، قەزای چەمچەماڵ بە گوێرەی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی




سەرچاوە: کاری توێژەر: پشت بەست بە بەرنامەی Arc Gis 10.3

## تەوەرەی دووەم:

## دابەشبوونی جوگرافی پێگە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی توێژینەوە

ناوچەی لێکۆڵینەوە، وەك هەموو ناوچەکانی تری کوردستان، مێژوویەکی کۆنی هەیە و چەندین پێگەی (شوێنەواری و مێژوویی و تەکیە و مەزارگەی ئاینی) تێدایە، هەروەها خاوەن کۆمەڵێك داب و نەریت و توانستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایتیە، کە بەشێك لە هێزی کێشکردنی گەشتیار لە ناوچەکە پێکدەهێنێت، کاردەکاتە سەر بزاوتی گەشتوگوزاری، وەك لەم توانستانەی لای خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

### یەکەم: توانستە مێژوویی و شوێنەواریەکان:

ناوچەی لێکۆڵینەوە، ژمارەیەك پێگەی مێژوویی و شوێنەواری تێدایە*، کە مێژووەکانیان بۆ سەردەمە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە هەندێکیان بۆ سەردەمی چاخەبەردینەکان و هەندێکی تریان بۆ قۆناغە جیاوازە مێژوویەکان، ئەمەش گەواهیدەری لایەنی شارستانی و دێرینی ناوچەکە دەردەخەن و بەشێکە لە توانستە گەشتیاریەکانی ناوچەکە، بەناوبانگترینیان:

1. **شوێنەواری بەردەبەلەکە:** دەکەوێتە سەر ڕۆخی چەمی شیوەسوور بە (3,51)کم لە باکوری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ لەسەر ڕێگای (کەرکوك-سلێمانی) شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی (35:32:44.7N-44:51:20.0E) بەردێکە لەشێوەی لولەیی دایە بەرزیەکەی (4)م و تیرەکەی (2م و20سم) (محەمەد، 2016، ل95)، جگەلەو بەردە وەستاوە ئێسك و پروسکی ئاژەڵیش لەو شوێنە دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن بۆ (80000)هەزار ساڵ پێش زاین (عەزیز، 2019، ل251)، لە دیارترین ئەوکەرەستانەی لەو شوێنەوارەدا بەکارهاتوون (تەوری تاشەبەردینی دەستی لەشێوەی دڵ


هەندێکیان لەشێوەی بادەم، لەگەڵ کەرەستەی بەردینی کەناونراو (Pebble tols)، کە بۆ کرداری ڕامالین بەکارهاتووە (محەمەد، 2021، ل57).

**2. کەریم شایەر:** مێژووی ئەم شوێنەوارە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست بۆ (10000)هەزار ساڵ پێش زاین لە دووری (18)کم لە باکوری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ (باخەوان، 1999، ل19)، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی (35:33:56.9N-44:57:08.5E)، ڕووبەرەکەی بەگشتی نزیکەی (8)هەزار مەتر چوارگۆشەیە، نیوەی ئەو ئێسکە ئاژەڵانەی لێی دۆزراوەتەوە هی بزن و مەڕ و بەراز و ئەسپ بووە کە هێشتا لەو سەردەمەدا مرۆڤ ماڵیانی نەکردووەو کەریم شایەر بەقۆناغی گۆڕانکاری ژیان هەژمار دەکرێت و شوێنگەیەکی نیمچەجێگیر بووە بۆ مرۆڤ نەك گوندێکی تەواو جێگیر(محەمەد، 2021، ل38) لەکاتی کنەوپشکنین لەم شوێنەوارەدا، ژمارەیەکی زۆر لە بەردە ئەستێ و دەستاڕ و داس و پاچەکۆڵە و بەردی ئاگردان و چاڵی تایبەت بە کۆکردنەوەی دانەوێڵە، کەرەستەی جوانکاری دۆزراونەتەوە، کەریم شایەر شارستانیەتێکی پێشکەوتوو بووە لە ژیانی مرۆڤایەتی سەرەتای هاتنەدەرەوەی مرۆڤ بووە لە ژیانی ناو ئەشکەوت (معروف، 1998، ل115).

**3. گوندی چەرموو:** بە کۆنترین نشینگەی مرۆیی دادەنرێت بەدووری (21)کم دەکەوێتە خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ لە نزیك گوندی کانی ساردی ئێستا، (2500)پێ بەرزە لە ئاستی ڕووی دەریاوە (باقر، 1965، ص14)، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی (35:33:21.4N-44:55:49.4E)، مێژووی گوندەکە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ بۆ ماوەی نێوان (7000-6750)هەزارساڵ پێش زاین، ڕووبەرەکەی (12000 تا 16000)م2 دەبێت، (150)کەس لە چوارچێوەی (25-30)ماڵ و خێزانی تێدا ژیاون، پیشەی سەرەکیان ئاژەڵداری و ڕاوکردن و کشتوکاڵ کردن بووە (شێخ ڕەوف و هاوڕێ، 2018، ل12).

لەم گوندەدا بۆیەکەمجار گەنم و نیسك وجۆ چێنراوە، ئاژەڵیان بەخیوکردوە بەتایبەتی مەڕ و بزن و بەراز، لەڕووی نیشتەجیبوونەوە لە کوخ لایانداوە و خاونویان لەگڵ دروستکردوە، بەشێوەی کۆمەڵگەی پێکەوەیی ژیاون، لەم گوندەدا کەرەسە و ئامێری ناوماڵ دۆزراونەتەوە لەوانە کەل و پەلی ناوماڵ، کەوچکی لە ئێسك دروستکراو قاپ و کەل و پەلی خواردن، تەورو دەرزی لە ئێسك دروستکراو، هەروەها لەڕووی ئاینیەوە دۆزینەوەی پەیکەری دایك بەڵگەی پیرۆزی دایك و دیاردەی پەرستنە لە گوندی چەرموو (Braidwood, 1951, p104).

وێنەی (1)، وێنەی کنەو پشکنینی گوندی چەرموو



ئەم وێنەیە لەساڵی 1955 لەلایەن تیمەکەی ڕۆبرت برەیدوود گیرا، سەرچاوە: پێشەوا شێخ ڕەوف و هاوڕێ لەتیف، چەرموو کۆنترین گوندی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2018، ل197

**3. قەڵای سپی حەسار:** ئەم قەڵایە لە ناوەڕاستی شاری چەمچەماڵدا هەڵکەوتووە، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی (35:32:12.3N-44:50:05.7E) نزیکەی (50)م، بەرزە مێژوویەکی کۆنی هەیە بۆ سەردەمی ئاشوری و بابلیەکان دەگەڕێتەوە، ناوەندی کارگێڕی بووە لە هەزارەی دووەمی پێش زاین، قەڵاکە پاشماوەی شارێکی کۆنە ئاشوریەکان پێیان وتووە (دوور-تالیتی)، ئەم ناوەش لە شاڵاوی ئاشوری و کلدانیەکاندا هاتووە، مێژووەکەی بۆ (2000)ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە (محەمەد، 2016، ل194)، ئەم قەڵایە بایەخە گەشتوگوزاریەکەی لەوەدایە هەر گەشتیارێك سەردانی چەمچەماڵ بکات مەحاڵە سەرێك لە قەڵای چەمچەماڵ نەدات، (کلۆدیۆ جیمس ڕیچ)ی گەریدە لەگەشتێکیدا بۆ چەمچەماڵ لە یاداشتەکانیدا بە گرنگەوە باسی قەڵاکەی کردوە و بەشوێنێکی سەرنج ڕاکێش ناوی بردوە.

وێنەی (2)، قەڵای سپی حەسار لەناو سەنتەری قەزای چەمچەماڵ



سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ قەڵای سپی حەسار لە سەنتەری قەزا لە ڕێکەوتی 2020/4/10


لەڕووی گەشتیاریەوە بایەخی قەڵاو پێگە مێژوویی و شوێنەواریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەوەدا دەردەکەوێت، کە جگەلە بەها مێژوویەکەی خەڵکانێك هەن سەردانی ئەو ناوچانە دەکەن چ بە مەبەستی گەشتی زانستی یاخود گەشتی

ڕۆشنبیری و تەرفیهی، بەتایبەت شوێنەوارەکانی گوندی چەرموو، کە وەك یەکێك لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵیەکانی جیهان ناسراوە، هەروەها قەڵای سپی حەسار بەو پێیەی دەکەوێتە سەنتەری ناو شاری چەمچەماڵەوە هەر گەشتیارێك سەردانی شارەکە بکات سەردانی قەڵاکە دەکات، ئەمە جگەلەوەی زۆرێك لە شوێنەوارەکانی قەزاکە نزیکن لە شاری چەمچەماڵەوە، گەشتیار بەکەمترین کات و ماوە دەگات بەو شوێنانە، وەك شوێنەواری (بەردە بەلەکە و کەریم شایەر و..هتد).

**4. ئەشکەوتی کونەکەمتیار[*]:** دەکەوێتە بناری چیای دووگردانی زنجیرە چیای مەملەحە لە گوندی مەملەحەی سەر بەناحیەی سەنگاو، بە دووری (42)کم لە باشوری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ، ئەشکەوتێکی تاریکی پێچاوپێچە لەشێوەی تۆڕێکی ئاڵۆز هەر ڕێگەیەکی دەگریت چەندین لقی لێدەبێتەوە، بەگشتی ناوەوەی فراوانە و ئەمەش وای کردوە کە ڕێنیشاندەرت لەگەڵ نەبێت ڕەنگە ئەستەم بێت بۆ چوون و گەڕانەوە(ڕەحیم، 2021، ل14).

شوێنی ئەسترۆنۆمی ئەشکەوتەکە (35:21:30.5N-45:01:26.7E)، ئەم ئەشکەوتە بە درێژترین ئەشکەوت دادەنرێت لە عێراق بەشێک لە پێکهاتەکەی لە شێوەی بەردی کریستاڵیدایە دیمەنێکی جوانی بە ئەشکەوتەکە بەخشیوە، بەهۆی فراوانی ئەشکەوتەکەوە خەڵکانی شارەزای ناوچەکە ناویان بۆ شوێنەکانی ناو ئەشکەوتەکە داناوە بۆ ناسینەوەیان، لەدەرەوەی ئەشکەوتەکەش سەرچاوەیەکی ئاوی گۆگردی(گەڕاو) هەیە، نزیك لەئەشەکەوتەکەش ئەشکەوتێکی تر هەیە بەناوی ئەشکەوتی کونەکۆتر، هەر لەو ناوچەیە شوێنێکی تری لێیە لەدێر زەمانەوە بەشێوەیەکی سروشتی خوێی لێ بەرهەم دەهێنرێت پێی دەڵێن (خوێڵێن)، ئەم شوێنە گرنگیە ئابوریەکەی لەوەدایە خوێیەکەی یەکێکە لەباشترین جۆرەکانی خوێ، ساڵانە چەندین تەن خوێی لێ بەرهەم دەهێنرێت و دەفرۆشرێت(سعید و ئەوانی تر، 2006، ل267) بایەخی گەشتیاریشی هەیە چونکە ساڵانە گەشتیاران بۆ بینینی ئەشکەوتەکە و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی خوێ سەردانی ناوچەکە دەکەن.

وێنەی (3)، ئەشکەوتی کونەکەمتیار



سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ئەشکەوتی کونەکەمتیار لە ڕێکەوتی 2021/8/22.

وێنەی (4)، گوندی خوێڵێن



سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ گوندی خوێڵێن لە ڕێکەوتی 2021/8/22.

**5. ئەشکەوتی دەرزیلە:** ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە دامێنی بناری چیای ئاژداخ لە گوندی دەرزیلەی سەر بە ناحیەی سەنگاو، بە دووری (80)کم لە باشوری چەمچەماڵ، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی (35:08:77.0N-45:16:74.0E) (Anna, 2006, p13)، ئەم دیاردەیە لە شوێنێکی نیمچە لێژ لەشێوەی ئەشکەوتێکدا شاخەکە کون بووە بە شاوێی بۆ خوارەوە، فراوانی دەروازەی کونەکە نزیکەی (15)م دەبێت، تەنها لەیەك لاوە ڕێگا هەیە خەڵك دابەزێتە خوارەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە ئەویش بەدوو قۆناغ، قۆناغی یەکەم: نزیکەی (10)م بەشێوەی ستوونی لە ڕێگایەکی سەختەوە دەدابەزیتە خوارەوە، قۆناغی دووەم: بە ڕێگایەکی باریکتر (12)م دەچێتە خوارەوە، تەنها یەك کەس دەتوانێت پێیدا بڕوات، بەڵام لەخوارەوە زۆرفراوان دەبێتەوە شوێنەکە لەشێوەی ژێرزەمینێکی تاریکدایە، لە قوڵایی ناو ئەشکەوتەکە سێ جۆر ئاو هەیە، ئەوانیش (ئاوی سازگار، ئاوی سپی(شیری)، ئاوی ترش) (کەریم و ئەوانی تر، 2006، ل218)، پێکهاتەی ئەشکەوتەکە گۆگردیە و ڕۆیشتن لەم ئەشکەوتە بەناو ئاودایە، ئاوەکەی بۆ چارەسەری هەندێك نەخۆشی وەك پێست و هەستیاری بەکاردێت، بایەخی گەشتیاری ئەم ئەشکەوتە تەنها لە پێگە شوێنەواریەکەیدا نیە بەڵکو بایەخەکەی لەوەدایە کە بەهۆی ناوازەیی ئەشکەوتەکە و بوونی سێ سەرچاوەی جۆراوجۆری ئاو، هەروەها بەکارهێنانی ئاوەکەی بۆ چارەسەری نەخۆشی، بووەتە مەڵبەندی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیار.

وێنەی (5)، ئەشکەوتی دەرزیلە لەچەند وێنەیەکدا






سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ ئەشکەوتی دەرزیلە لە ڕێکەوتی 2021/5/5.

دەتوانین بڵێین ئەشکەوتەکانیش بە بەشێك لە ناوچەی خستنەڕووی گەشتوگوزاری دادەنرێن لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ساڵانە ژمارەیەکی بەرچاو گەشتیار سەردانیان دەکەن، چ بۆ بنینی درێژترین ئەشکەوت لە عیراقدا کە ئەشکەوتی (کونەکەمتیارە)، چ بۆ بینینی ئەشکەوتی دەرزیلە بەهۆی دیمەنە سەرنج ڕاکێش و سوودە پزیشکیەکەی ساڵانە گەشتیاران بەمەبەسەتی جیاجیا سەردانی ئەو ئەشکەوتە دەکەن، ئەمە جگەلە گوندی خوێلێنی نزیك بە ئەشکەوتی کونەکەمتیار کە کارگەیەکی سروشتی بەرهەمهێنانی خوێیە لە ناوچەکە لەدێر زەمانەوە بە کەرەستەی سادە و بە سوود وەرگرتن لە ئاووهەوای ناوچەکە ساڵانە باشترین خوێی سروشتی بەرهەم دەهێنرێت و هەناردەی ناوچەکانی دەوروبەر و شارەکانی کوردستان و عێراق دەکرێت.

نەخشەی (3)، پێگە شوێنەواری و مێژوویەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە بەرنامەی Arc Gis و Google Earth

## دووەم: تەکیە و مەزارگە ئاینیە پیرۆزەکان:

لە ناوچەی لێکۆلینەوە چەندین مەزارگە و تەکیە و شوێنی ئاینی هەن بوونەتە جێ بایەخی شوێنکەوتوانیان چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە، ساڵانە بەهۆی ئەنجامدانی مەراسیمی تایبەت لەو شوێنانە ژمارەیەك گەشتیار سەردانی ناوچەکە دەکەن ئەمەش بە بەشێك لە سیماکانی گەشتوگوزاری ئاینی ناوچەکە دادەنرێن، گرنگترین مەزار و تەکیەکانی ناوچەکەش ئەمانەن:

### 1. تەکیە و مەزارگەی کەسنەزانی لە کربچنە:

تەکیە و مەزارگەکە دەکەوێتە گوندی کربچنەی ناحیەی سەنگاو، بە دووری (63)کم لەخۆرهەڵاتی چەمچەماڵ لەبناری زنجیرە چیای سەگرمە شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی (35:16:57.5N-45:16:42.9E)، ئەم تەکیەیە پێکدێت لە مەزارگەیەك و مزگەوتێك کە لە بنەڕەتدا تەکیەی کەسنەزانییە مەزارگەکە (چوار) گۆڕی شێخەکانی کەسنەزانی تێدایە، ساڵانە لە بۆنە و مەراسیمە جیاوازەکاندا ژمارەیەکی زۆر گەشتیار و دەروێش لە کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر و تەنانەت لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئاسیاوە ڕوودەکەنە گوندی کربچنە بۆ زیارەتی تەکەیە و مەزارگەی شێخەکانی کەسنەزانی(کربچنەیی، 2022).

وێنەی (6)، سەردانی دەرویشانی تەکیەی کەسنەزانی بۆ مەزاری شێخانی کەسنەزانی لە کربچنە



سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ کربچنە لە ڕێکەوتی 2021/10/4.

وێنەی (7)، دەروێشێکی سەربە تەریقەتی کەسنەزانی لە کربچنە





سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ کربچنە لە ڕێکەوتی 2021/10/4.

**2. تەکیە و مەزارگەی شێخ حەسەنی قەرەچێوار:**

تەکیە و مەزارگەکە دەکەوێتە سەنتەری ناحیەی قادرکەرەم، لەسەر ڕۆخی ڕووباری ڕۆخانە بەناو سەنتەری ناحیەکەدا دەڕوات کە بەشێکە لە ڕووباری باسەرە، بە دووری (63)کم لە باشوری چەمچەماڵ مێژووی بونیادنانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایەکانی سالآنی (1800ز) بەڵام لەساڵی (1939ز)، لەلایەن کوڕانی شێخ حەسەن دووبارە نۆژەنکراوەتەوە بە گومەز و زەخرەفەی جوان ڕازێنراوەتەوە شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی ()، لەبنەڕەتدا شوێنێکی ئاینی بووە بریتی بووە لە تەکیە و قوتابخانەی ئاینی و شۆڕباخانەیەك، لەلایەن کەسایەتی ئاینی و ڕابەری تەریقەتی قادری لەناوچەکە پیری قەرەچێوار شێخ (حەسەنی قەرەچێوارە)وە بەڕێوە براوە، شێخ لە سەرانسەری ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر لە دەروێش و موریدی لە خۆی کۆکردبووەوە، تەکیەکەیشی بووە جێگەیەك بۆ زیارەتکاران و دەروێشانی ئیستاش سالآنە لە بۆنە جیاوازەکاندا ژمارەیەك لەکەسانی ئاینی و دەروێشانی قادری قەرەچێواری سەردانی تەکیەکەیان دەکەن لە قادرکەرەم(قادرکەرەمی، 2022).

وینەی (8)، زیکری دەرویشان لە تەکیە و مەزارگەی پیری قەرەچێوار لە ناحیەی قادرکەرەم



سەرچاوە: سەردانی مەیدانی توێژەر بۆ تەکیە و مەزارگەی شێخ حەسەنی قەرەچێوار لە ڕێکەوتی 2021/9/11.


ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە شوێنی بڵاوبونەوەی تەریقەتی قادری دادەنرێت، ئەم تەریقەتەش وەك تەریقەتێکی ئاینی شوێنەواری بەسەر ناوچەکەوە جێهێشتووە بووەتە توانستێکی گەشتوگوزاری مرۆیی ڕۆڵ دەبینێت لە کێشکردنی گەشتیاران، چ لەناوخۆ و دەرەوە، ئەچێتە چوارچێوەی گەشتوگوزاری ئاینی، هەرچی دەروێشانی تەکیەی کەسنەزانیە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان و کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەوروپاوە دەرویش و هەوادارian هەیە و سالآنە لە مەراسیم و بۆنە تایبەتیەکانیاندا گەشت دەکەن بۆ ناوچەکە و سەردانی مەزارگە و تەکیەی کەسنەزانی دەکەن لە گوندی کربچنەی ناحیەی سەنگاو.

خشتەی (2)، پێگە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

| پێگە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکان | شوێنی ئەسترۆنۆمی | دووری بە کم لەسەنتەری قەزا | بەرزی لە ئاستی ڕووی دەریا بەمەتر |
|---|---|---|---|
| شوێنەواری بەردەبەلەکە | 35:32:44.7N-44:51:20.0E | ٢,٥١کم | 696 |
| شوێنەواری کەریم شایەر | 35:33:56.9N-44:57:08.5E | ١٨کم | ٧٤١ |
| گوندی چەرموو | 35:33:21.4N-44:55:49.4E | ٢١کم | ٦٧٩ |
| قەلای سپی حەسار | 35:32:12.3N-44:50:05.7E | ١کم | ٧٠٦ |
| ئەشکەوتی کونەکەمتیار | 35:21:30.5N-45:01:26.7E | ٤٢کم | ٥٩٠ |
| ئەشکەوتی دەرزیلە | 35:08:77.0N-45:16:74.0E | ٨٠کم | ٧٣٩ |
| تەکیە و مەزارگەی شێخ حەسەنی قەرەچێوار | 35:11:51.5N-44:53:20.7E | ٥٤کم | ٤٠٩ |
| تەکیە و مەزارگەی کەسنەزانی لە کربچنە | 35:16:57.5N-45:16:42.9E | ٦٣کم | ١٠٥٦ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە بەرنامەی Arc Gis, Google Earth

نەخشەی (4)، پێگە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە



سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە بەرنامەی Arc Gis و Google Earth

## تەوەرەی سێیەم:
## پەرەپێدانی شوێنەوارە مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە

هەروەك لە تەوەرەی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەمان پێدا ناوچەکە خاوەن چەند توانستێکی شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیە، ئەگەر وەبەرهێنان و پەرەپێدانی تێدا بکرێت دەبن بە ناوچەی گەشتوگوزاری و خستنەڕووی گەشتیاری لەڕووی فاکتەرەکانی کێشکردنی گەشتیار و دابینکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزاریە گەشتوگوزاریەکان، کە بە تەواوکەری پەرەپێدانی گەشتیاری دادەنرێن.

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین چەند ناوچەیەکی شوێنەواری و مێژوویی و ئاینی بخەینەڕوو کە خاوەن توانستی گەشتیارین مێژوویەکی دێرینیان هەیە، لەگەڵ چۆنیەتی پەرەپێدانیان تابینە مایەی پێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکە، شان بەشانی توانستەکانی تری گەشتیاری لە قەزای چەمچەماڵ.

لێرەدا دەتوانین بۆ چۆنیەتی پەرەپێدان و گەشەپێدانی ناوچەکە یەکێك لە ئامرازەکانی شیکارکردن بەکاربهێنین ئەویش ئامرازی (SWOT) کە شیکردنەوە بۆ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ناوچەکە دەکات و دەرفەت و ڕێگریەکانیش دەخاتەڕوو (Ahmadi, 2013, p54)، شیکاری (سوات) یەکێکە لەڕێگاکانی پلاندانانی ستراتیژی دەتوانێت لەو ڕێگەوە قازانجە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی گەشتوگوزار دیاری بکات و ئامانجەکەکانی پرۆژە گەشتوگوزاریەکان بخاتەڕوو، هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکیەکان کە پۆزەتیف و نێگەتیڤن لەچوارچیوەی بەدەستهێنانی ئامانجەکاندا دەستنیشان بکات، گرنگی ئەم شێوازە شیکارکردنەی (سوات) لەوەدایە دەکرێت بەسوود بێت بۆ نیشاندانی دەرفەتەکان کە پرۆژە گەشتیاریەکانی پەرە پێ بدرێت بەشێوەیەکی زۆرباش لەگەڵ ئەوەشدا (سوات) یارمەتیدەرە بۆ نەهێشتنی ڕێگری و مەترسیەکانی سەر پرۆژە گەشتیاریەکان، دەرەنجامەکانی شیکاری (سوات) ئەوەی باشە ئاسانە بۆ تێگەیشتن لەڕووی تیۆری و کرداریەوە ( Hajani, 2009, p59) هەروەها لە پەرەپێدانی شوێنە گەشتیاریەکاندا چوارچێوەیەك دروست دەکات بۆ گفتوگۆ و خستنەڕووی بۆچوونەکان تا ئامادەباشی تەواو بکرێت بۆ پەرەپێدانی توانستەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### یەکەم: خاڵە بەهێزەکان:

گرنگترین ئەو خاڵە بەهێزانەی کە یارمەتی پەرەپێدانی توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەدەن بریتین لە:

1. ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن کۆمەڵێك شوێنەواری مێژووییە کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخە بەردینەکان، بەشێوەیەك شوێنەواری چاخی (بەردین و ناوەند و نوێی) تێدایە، لە ئەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەوارناسان چەندین ئاسەوار و پێگەی گرنگی شوێنەواری دۆزراوەتەوە لەوانە شوێنەواری (بەردەبەلەکە، کەریم شایەر، گوندی چەرموو...هتد).

2. ناوچەکە خاوەن یەکێك لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵیەکانی جیهانە کە گوندی(چەرموو)ە، ئەم گوندە جگەلە بەها مێژوویی و شارستانیەتیەکەی لەهەمان کاتدا بەهایەکی گرنگی گەشتوگوزاری هەیە، بەتایبەت بۆ ئەو گەشتیارانەی ئاستی ڕۆشنبیریان بەرزە و خەریکی گەڕان و لێکۆڵینەوەن کاردەکەن بۆ ناسینی شوێنە مێژوویی و شارستانیەتیەکان.

3. یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی شوێنەوارە مێژوویەکانی ناوچەکە لەوەدایە نزیکە لە سەنتەری شاری چەمچەماڵەوە بەشێوەیەك کە گەشتیار دەتوانێت بە کەمترین کات و تێچوون سەردانی ئەو ناوچانە بکات، هەروەك شوێنەواری (بەردە بەلەکە)، بە دووری (3)کم، دەکەوێتە سەر ڕۆخی چەمی شیوەسوور لە باکوری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ لەسەر ڕێگای (کەرکوك-سلێمانی)، شوێنەواری (کەیم شایەر) بە دووری (9)کم، دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ، شوێنەواری گوندی (چەرموو)، کە بە کۆنترین نشینگەی مرۆیی دادەنرێت بەدووری (11)کم دەکەوێتە خۆرهەڵاتی چەمچەماڵ، قەڵای (سپی حەسار) لە ناو چەقی شاری چەمچەماڵدا هەڵکەوتووە.

4. نزیکی ناوچە شوێنەواریەکانی قەزای چەمچەماڵ لەڕێگا سەرکیەکانی گواستنەوە بەشێوەیەك زۆرێك لە شوێنەوارە مێژوویەکانی ناوچەکە دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی کەرکوك-سلێمانی، ئەمەش ڕۆڵی ئاسانکاری دەرەخسێنێت بۆ گەشتیار لەسەردانی کردنی ئەو ناوچانە.

5. گونجاوی هەڵکەوتەی توانستە شوێنەواری و مێژوویەکان بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدانی گەشتوگوزاری.

6. ناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین ئەشکەوتی کۆنی تێدایە وەکو ئەشکەوتەکانی (کونەکەمتیار، کونەکۆتر، ئەشکەوتی دەرزیلە...هتد) ئەم ئەشکەوتانە هەریەکە و تایبەتمەندی جیۆلۆجی و جیمۆرفۆلۆجی خۆی هەیە.

7. ئەشکەوتی کونەکەمتیار کە دەکەوێتە گوندی مەملەحە نزیکە لە گوندی خوێڵێن کە هەر لە دێر زەمانەوە بە زێدی بەرهەمهێنانی خوێ دادەنرێت و بەهایەکی ئابوری و گەشتیاری هەیە.

8. ئەشکەوتی دەرزیلە، پێکهاتەکەی گۆگردیە و گرنگیەکەی لەوەدایە لەناو ئەشکەوتەکە سێ جۆر ئاوی تێدایە ئاوی(سازگار، شیری، ترش)، بەهۆی بوونی ئاوی کانزایی لەناو ئەشکەوتەکە دەتوانرێت وەك شوێنێکی چارەسەری سوودی لێوەربگیرێت بۆ نەخۆشیەکانی پێست و هەستیاری.

9. تەکیە و مەزارگەی کەسنەزانی لە کریچنە لەبناری زنجیرە چیای سەگرمە لە سروشتێکی جوانی ئەو بنارە هەڵکەوتووە هەروەها تەکیە و مەزارگەی شێخ حەسەنی قەرەچیوار، دەکەوێتە سەنتەری ناحیەی قادرکەرەم لەسەر ڕۆخی ڕووباری ڕۆخانە، ئەم دوو تەکیەیە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی ناسراون و هەوادار و دەروێشیان هەیە و ساڵانە و لە بۆنە جیاوازەکانیاندا چەندین گەشتیار سەردانیان دەکەن.

**دووەم: خاڵە لاوازەکان:**

ئەو خاڵە لاوازانەی کە کاریگەریان لە سەر پرۆسەی پەرەپێدانی توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەیە بریتین لە:

1. ڕاستە شوێنەوارە مێژوویەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەونە سەنتەری قەزاکە و نزیکن لە ڕێگای گواستنەوە بە تایبەت ڕێگای سەرەکی کەرکوك-سلێمانی، بەڵام ناوچە شوێنەواریەکان قیرتاو نەکراون و لەوەرزەکانی زستان و هاویندا کێشە بۆ گەشتیاران و سەردانیکەران دروست دەکەن و ئەمە جگەلە خراپی ئەو ڕێگایانەی بە شوێنەوارە مێژوویەکانەوە بەستراون.

2. ئەگەرچی ناوچەی لێکۆڵینەوە شوینەواری دێرینی تێدایە، بەڵام نەتوانراوە بەشێوەیەکی زانستی سوود لەم ناوچانە وەربگیرێت بۆ بونیادنانی کەرتی گەشتوگوزاری بەکاربهێنرێت.

3. نەبوونی دامەزراوەکانی سەرخانی ئابوری وەك شوێنی مانەوە و حەوانەوەی گەشتیاران کە چالاکیەکانیان بە پلەی یەك لە خزمەت گەشتیاراندایە، وەك (ئوتێل، موتێل، چادرگە و کابینەی گەشتیاری).

4. نەبوونی کۆشکی بچوك و کەپر بۆ پشودانی گەشتیاران لە ناوچە شوێنەواریی و مێژوویەکان.

5. نەبوونی ئاوی خواردنەوە و باخچە و شوێنی سەوزایی و W.C و...هتد لەو ناوچانە.

7. نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی وەك (چێشتخانە، دوکان و بازاڕ و.. هتد) لەو ناوچانە.

8. پەرژیننەکردنی ناوچە مێژوویەکان وەك هەوڵێك بۆ پاراستنی پێگە شوێنەواری و مێژوویەکان تا لە شێواندن و تێکدان بپارێزرێن.

9. نەبوونی فەرمانگەی شوێنەوار و گەشتوگوزار بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەواریەکان.

10. لاوازی ئاستی ڕیکلام و پروپاگەندە و ڕاگەیاندنی گەشتیاری بۆ ناساندنی شوێنەوارە مێژوویەکان.

11. دووری شوێنی ئەشکەوتەکان لە سەنتەری قەزا و قیرتاونەکردن و خراپی ڕێگاکانی گەیشتن بە ئەشکەوتەکەکان.

12. نەتوانراوە سوود لە زۆر لایەنی ئەشکەوتەکان وەربگیرێت وەك لایەنی گەشتوگوزاری چارەسەری لە ئەشکەوتی دەرزیلە.

13. نەبوونی ڕێبەری گەشتیاری بۆ ئەشکەوتەکان بەتایبەت هەندێك لە ئەشکەوتەکان قوڵن یان درێژن ئەمە پێویستی بە ڕێبەری گەشتیاری هەیە.

14. نەبوونی هۆکارەکانی ڕووناکەرەوە کارەبا بۆ شوێنەوارە مێژوویەکان و ئەشکەوتەکان.

15. لاوازی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری ناوچەی لێکۆڵینەوە کەمی گرنگیدانیان بە بەهای پێگە شوێنەواری و مێژوویەکان.

16. کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر پێکهاتە و سەردەمی جیۆلۆجی و شێوەی جیمۆرفۆلۆجی و یەکلاکردنەوەی سەردەمە مێژوویەکانی ئەشکەوتەکەکان.

17. تەکیە و مەزارگە ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە نۆژەنکردنە و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەیان هەیە، بەشێوەیەك کە تایبەتمەندیەکانیان تێك نەچێت، هەروەها ڕێگاکانی تەکیە و مەزارگە ئاینیەکانی ناوچەکە ڕێگایەکی کۆن و یەك سایدن و پێویستی بە نۆژەنکردنە و چاکسازی هەیە، ڕاستە لەڕووی ئاینیەوە ئەم ناوچانە گرنگی پێدراون بەڵام لەڕووی پەرەپێدانی گەشتیاریە کاری لەسەر نەکراوە.

**سێیەم: دەرفەتەکان:**

گرنگترین ئەو دەرفەتانەی دەبنە هاندەر بۆ پەرەپێدانی توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتین لە:

1. گەشتوگوزاری مێژووی لە جیهاندا بایەخێکی تایبەتی پێدەدرێت، خۆشبەختانە لە کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوەش چەندین پێگەی شوێنەواری و مێژووی هەن کە شان بەشانی توانستە سروشتی و مرۆیەکان هاندەرن بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بەشیوەیەك کە لە داهاتوودا دەتوانێت دەرفەت لەبەردەم هەلی کار و پێشخستنی ناوچەکەدا بڕەخسێنێت.

2. توانستە شوینەواری و مێژوویەکان دەکەونە ناوچەیەکی سەقامگیری ئارام و پارێزراو، ئەمەش هاندەرە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری ناوخۆیی و بیانی.

3. پەرەپێدانی ناوچەکە بە سوود وەرگرتن لە توانستە شوێنەواری و مێژوویەکان بوونی وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریدا هاندەر دەبێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار و پێشخستن و گەشەکردنی کەرتی گەشتیاری.

4. نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژوویەکان بەشێوەیەك کە کاریگەری لەسەر بەها مێژوویی و شارستانیەکانیان نەکات، یان دروستکردن و بیناکردنەوەی خانووە کۆنەکانی گوندی چەرموو بە هەمان نەخشەی بنەڕەتی دێرینی خۆی و بە کەرەستەی تایبەت کە گوزراشت لە دێرینی گوندی چەرموو بکات لەژێر سەرپەرشتیاری لیژنەیەکی تایبەت بە شوێنەوار ناسان یان ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان.

5. گرنگیدان دان بە پێشخستنی گەشتیاری دەرفەت لەبەردەم هەلی کاردا دەڕەخسێنێت و ڕۆڵ دەبینێت لە کەمکردنەوەی بێکاری.

6. بوونی ئاوی کانزایی لە ناوچەکە دەرفەت لەبەردەم گەشتوگوزاری چارەسەریدا دەڕەخسێنێت.

7. ئەشکەوتەکان لە توانایاندا هەیە لە داهاتوودا ببن بە هۆکارێك بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری.

8. گوندی خوێڵێن کە شوێنی بەرهەمهێنانی (خوێ)یە سوودی ئابووری و گەشتیاری هەیە بۆ ناوچەکە.

9. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری هاندەرە بۆ پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری لەناوچەکە.

10. گرنگی دان بە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ئاینی وەك تەکیە و مەزارگەکان دەرفەت لەبەردەم بوژانەوەی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەکە دەڕەخسێنێت.

11. گەشتوگوزاری ئاینی لە جیهاندا گرنگی تایبەتی پێدراوە یەکێکە لە بەشە چالاکەکانی گەشتوگوزار خۆشبەختانە ناوچەی لێکۆڵینەوە چەندین تەکیە و مەزارگە و گۆڕی پیاوچاکی تێدایە کە هاندەرە بۆ جموجۆڵی گەشتیاری.

12. هەردوو تەکیەی قەرچیوار و تەکیەی کەسنەزانی لەناوە و دەرەوەی هەرێم و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەروێش و هەوادارىان هەیە، ئەمەش دەرگا لەبەردەم بزاوتی گەشتیاری دەکاتەوە.

## چوارەم: ڕێگریەکان:

ئەو ڕێگریانەی دەبنە کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم پەرەپێدانی توانستە شوێنەواری و مێژووی و ئاینیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بریتین لە:

1. نەبوونی سەرچاوەی دارایی و سەرمایەی پێویست بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ بەگەڕخستنی لایەنی گەشتیاری توانستە شوێنەواری و مێژوویەکان.

2. کەمی هۆشیاری و لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری بەرامبەر توانستە شوێنەواری و مێژوویەکان و گرنگیان لەڕووی بەهای گەشتیاریەوە.

3. لەناوچوونی کەرەستە مێژوویەکان و تێکدانی پێگە شوێنەواری و مێژوویەکان چ بە مەبەستی گەڕان بەدوای ئاسەوار، یاخود بێ مەبەست وەك کێڵان و بەکشتوکاڵکردنی ئەو پێگانە.

4. بێتوانایی دەزگا پەیوەندیدارەکان و دەستەی گەشتوگوزار و فەرمانگەی شوێنەوار، نەبوونی دیگایەکی ڕوون بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە و کەمکردنەوەی کۆسپەکانی بەردەم گەشتوگوزار لە قەزای چەمچەماڵ.

5. خراپی ڕێگاوبانەکان دەبنە کۆسپ لەبەردەم گەشتیار لەکاتی سەردانی کردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

6. نەبوونی ئاسانکاری و خزمەتگوزاری سەرخانی ئابوری وەك (شوێنی مانەوە و ریستۆرانت و کافتریا و خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانیەکان و...هتد) ڕێگرن لە پەرەپێدان و پێشکەوتنی گەشتوگوزار لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

7. نەبوونی ژێرخانی گەشتوگوزاری بەهێزی وەك (ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، تەندروستی و...هتد) لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

8. نەبوونی ڕێ نیشاندەر و ڕێبەری گەشتیاری شارەزا بەتایبەت بۆ ئەشکەوتەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە هەتا هاوکار بێت لە ئەنجامدانی گەشت لەناو ئەشکەوتەکان.

9. دووری ئەشکەوتەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست لەو ناوچانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم گرنگی بەهای ئەشکەوتەکان لە ڕووی گەشتیاریەوە.

10. نەبوونی کۆمپانیای گەشتیاری بۆ هاندانی گەشتیار و گەشت پێکردنیان بۆ پێگە شوێنەواری و گەشتیاریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

11. لاوازی ڕاگەیاندنی گەشتیاری یەکێکە لە کۆسپەکانی بەردەم گەشتوگوزار لە ناوچەی لیکۆڵینەوە.

12. تا ئێستا نەتوانراوە سوود لە گەشتوگوزاری ئاینی وەربگیرێت بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە سەرەڕای ئەوەی گەشتیار لە ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی سەردانی تەکیە و مەزارگە ئاینیەکانی ناوچەکە دەکەن.

13. بڵاوبوونەوەی ڕەوتی ئاینی جۆراوجۆر وەك سەلەفی و مەدخەلی و ئیخوانی کە ڕێگرن لەبەردەم گەشەکردن و هەڵسانەوەی تەریقەتی قادری.

## دەرئەنجام

1. شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری دەکەوێتە نێوان پارێزگای هەولێر لە باکور و ئیدارەی گەرمیان لەباشور و پارێزگای سلێمانی لە خۆرهەڵات و پارێزگای کەرکوك لە خۆرئاوا.

2. ناوچەکە دەوڵەمەندە بە توانستە شوێنەواری و مێژوویی و ئاینیەکان، چەندین پێگە و شوێنەواری مێژوویی دێرینی تێدایە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخە کۆنەکان، خاوەنی کۆنترین گوندی کشتوکاڵیە لە جیهاندا کە گوندی چەرمووە، هەروەها ژمارەیەك تەکیە و مەزارگەی ئاینی تێدایە لەڕووی گەشتیاریەوە وەکو پێویستی گرنگی پێنەدراوە تا ببێت بە شوێنی ڕاکێشانی گەشتیار .

3. لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دوو تەکیە و چەند مەزارگەیەکی سەر بە ڕێبازی قادری هەن ساڵانە ژمارەیەکی زۆر هەوادار لە

ناوخۆ و دەرەوە سەردانیان دەکەن بەڵام نەتوانراوە لەڕووی گەشتوگوزاری ئاینیەوە سوودیان لێ وەربگیرێت.

4. لاوازی ئاسانکاریە گەشتیاریەکان لە ناوچەکە بە سەرخان و ژێرخانی گەشتیاریەوە، نەبوونی شوێنی مانەوە و پشودان و کەمی خزمەتگوزاریە گەشتیاریەکانی وەك ڕێگاوبان و کارەبا و ئاو..هتد، هۆکارن بۆ لاوازی کەرتی گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

## پێشنیار

1. ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە وەبەرهێنانە لە کەرتی گەشتیاری چ لەلایەن دامەزراوە حکومیەکانەوە بێت یاخود کەرتی تایبەت.
2. دابینکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزاریە گەشتوگوزاریەکانی وەك ئاو و کارەبا و ڕێگەوبان و شوێنی مانەوە یەکێك لە کێشەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە نەبوونی ئوتێل و شوێنی حەوانەوەیە.
3. گرنگی دان بە گەشتوگوزار لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەتایبەت گەشتوگوزاری ئاینی و شوێنەواری و مێژووی چونکە ناوچەکە چەندین پێگەی شوێنەواری و مێژوویی و ئاینی تێدایە، خاوەن یەکێك لە کۆنترین گوندە کشتوکاڵیەکانە لە جیهاندا، کە بەهای شارستانی و گەشتیاری هەیە.
4. دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکانی هاتووچۆ و قیرتاوکردن و بە دووسایدکردنی ئەو ڕێگایانەی کە بۆ پێگە شوینەواری و مێژوویی و تەکیە و مەزارگە ئاینیەکان دەچێت، بەتایبەت ڕێگای ئەشکەوتەکان و شوێنەوارەکان.
5. کردنەوەی فەرمانگەی شوێنەوار و گەشتوگوزار، بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەواریەکان و گرنگیدان بە لایەنی گەشتیاری ناوچەکە.

## سەرچاوەکان:


1. باخەوان، هاوڕێ ، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ڕوون، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999.

2. شێخ ڕەوف، پێشەوا و هاوڕێ لەتیف، چەرموو کۆنترین گوندی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2018.

3. عەزیز، نەوشیروان ، باسەرە، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2019.

4. غەفوور، عەبدوڵلا، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، چاپخانەی خانی، چاپی سێیەم، هەولێر، 2008.

5. محەمەد، ئاکۆ بورهان، مێژووی کۆنی کوردستان و شوێنەوارەکانی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر، 2021.

6. محەمەد، فاتیح عەبدوڵلا، میژووی دێرینی کوردستان، چاپخانەی کاروخ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2016.

7. معروف، کەمال نوری، لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لە پاشماوەکانی شوێنەواری کەریم شایەر، گۆڤاری هەزارمێرد، ژمارە (6) کانوونی دووەمی 1998.

8. عزالدین، ئارام رضا، کاریگەری ئاووهەوا لەسەر حەوانەوەی مرۆڤ (بەراوردێك لەنێوان قەزای چەمچەماڵ و قەزای پێنجوێن)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی ڕاپەڕین، 2017.

9. صالح، چراخان نصرالدین، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015.

10. سعید، ڕزگار حمە و ئەوانی تر، گوزەرێك بەگوندی خوێڵێندا، گۆڤاری سەنگاو، ژمارە (2)، هاوینی 2006.

11. کەریم، ئەنوەر و ئەوانی تر، ترشاوەکەی ئاژداخ، گۆڤاری سەنگاو، ژمارە (3-4)ی 2006، ل218-221

12. ڕەحیم، ئایار، ئەشکەوتی کونەکەمتیار قوڵترین و درێژترین ئەشکەوت لە عێراق، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (6185)، 2021/8/24.

13. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆ، قائیمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ، بڵاوکراوەی چالاکیەکانی قائیمقامیەتی قەزای چەمچەماڵ بۆ ساڵی 2018.

14. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، دەربارەی ڕووبەری قەزای چەمچەماڵ و یەکە کارگێڕیەکانی بۆ ساڵی (2002) داتای بڵاونەکراوە.

15. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی چەمچەماڵ، بەشی زەوی وزار، زانیاری دەربارەی یەکە نشینگە مرۆیەکانی قەزای چەمچەماڵ بۆساڵی (2009) داتای بڵاونەکراوە.

16. کربچنەیی، شێخ جەمال شێخ کریم، چاوپێکەوتن، کربچنە، ڕێکەوتی 2022/4/16

17. قادرکەرەمی، تارا قەرەچیواری، نەوەی شێخ حەسەنی قەرەچێوار، چاوپێکەوتن، سلێمانی، ڕێکەوتی 2022/4/10

18. باقر، طه و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الاثار و الحضارة، دار الجمهورية للطباعة والنشر، رحلة رابعة، بغداد، 1965.

19. امين، بختيار محمد، تأثير المناخ في انتاجية الحنطة والشعير في قضاء جم جمال، رساله مجستير (غير منشورة)، كلية التربية، جامعه الموصل، 2012.

20. مصطفى، مهابات محمد جميل، دور العوامل الجغرافية في الإنتاج الزراعي في قضاء چمچمال وسبل تنمية، رسالة ماجستير(غير منشورة)، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، اربيل، 2012.

21. حماد، عبدالرزاق صالح، التعميم الخرائطي في خرائط الشبكة المائية لحوض جمجمال باستخدام نظم المعلومات الجغرافية Gis، مجلة الأستاذ للعلوم الإنسانية و الاجتماعية، المجلد 60، العدد 2 حزيران السنة 2021.

22. جمهورية العراقية، وزارة الأعلام، مديرية الاثار العامة، الموقع الأثرية في العراق، مطبعة الحكومية، بغداد، 1970.

23. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الأحصائية السنوية، (1976)، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء، وزارة التخطيطو بغداد، 1977.

24. جمهورية العراق، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الأحصائية السنوية، (1987)، مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء، وزارة التخطيطو بغداد، 1987.

25. Ahmadi, Mohammad Ali, and Others, Strategies for Organization and Development of Tourism Function in Rural Areas Case Study: Villages of Qom Province, Iran, Journal of Geography and Geology; Vol. 5, No. 4;ISSN 1916-9779 E-ISSN 1916- 9787,Published by Canadian Center of Science and Education,2013.

26. Braidwood, Robert. J. A preliminary Not on Prehistoric Excavation in Iraq, Sumer, Part, Kurdistan, 1950-1951.

27. Anna, Seither, Isotopic and geomicrobial investigation of Darzila karst cave, NE Iraq, FOG, Volume 45, 2006, P13

28. Hajani, Suliman Ismail, spatial planning for the development of tourist industry in Gali Zawita and its approaches-Duhok Governorate, higher diploma, the higher institute of planning, university of Duhok,2009.

29. http://www.speleo-berlin.de//inc/abstracts.php?volume=26&lan=en

تیبینی:

* بەپێی ڕووپێوی ناوچە شوینەواریەکانی عێراق کە ساڵی (1970) ڕووپێوکراوە پێگە شوینەواری و مێژوویەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە (175) پێگە دەسنیشانکراوە، بەمشیوەیە دابەشبووە بەسەر یەکەکارگێڕیەکانی ناوچەی لیکۆڵینەوە (ناوەندی قەزا (45)، ناحیەی سەنگاو (58)، ناحیەی ئاغجەلەر (379، ناحیەی قادرکەرەم (35) شوینەوار)، بڕوانە الموقع الأثرية في العراق، جمهورية العراقية، وزارة الأعلام، مديرية الاثار العامة،مطبعة الحكومية، بغداد، 1970، ص199-215.

** لە مانگی (11)ی ساڵی (2007)، پشکنین بۆ (21)، ئەشکەوت کرا لە عێراق و کوردستان، لەلایەن تیمێکی ئەڵمانیەوە بەسەرپەرشتی (مایکڵ لاومانز)، کە درێژی سەرجەمیان (8115)م بوو، بەتەنها ئەشکەوتی کونەکەمتیار درێژیەکەی (5060)م، وەك درێژین ئەشکەوتی عێراق دەستنیشان کرا، بڕوانە ئەو پێگەیە:

http://www.speleo-berlin.de//inc/abstracts.php?volume=26&lan=en